سەرۆك یەکێتی: ڕێککەوتنی نێوان هەرەم و بەغدا زامنی پاراستنی مافی هەموانە



بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بەغدا چاویکەوت بە قەیس خەزعەلی ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی سەرکی یەکێتی لە دیدارەکەدا دوایین پێشهاتە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکان گفتوگۆیان لەبارەوکرا و جەخت لەبەردەوامی دیالۆگی نیشتمانی نێوان لایەنەکان کرایەوە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و هاوبەشی ڕاستقینە لە وڵاتدا.

لەدرێژەی دیدارەکەدا جەخت لە کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکان و چارەسەری یاسایی و دەستووریی کێشەکان کرایەوە بەتایبەت لەنێوان هەرەمی کوردستان و بەغدا و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی یەکجارەکی کە زامنی پاراستنی مافی هەموو لایەک بکات.